

SOUTH KURDISH

# لوولە (بۆری) لە نێو گوێی منداڵدا

**هەوکردنی گوێ ڕوداوێکی ئاساییە**

هەوکردن لە گوێدا زیاتر لە کاتی سەرمابووندا تووشی منداڵ دەبێت و یەکێکە لە هۆ هەرە ئاساییێکان بۆ چونە لای پزیشك. تەنانەت منداڵی ساواش تووشی هەوکردنی گوێ دەبێت کە ئەویش دوو جۆری هەیە، جۆرێکیان هەوی کتوپڕە [*akut mediaotit*] و ئەوی تریان دروست بوونی چڵکی نێوان گوێیە [*sekretorisk mediaotit*]. هەردوو جۆرەکە لەخۆڕا سارێژدەبن بەڵام هەندێك جار و بەتایبەت لە نێو منداڵانی پچوکدا پێویستی بە چارەسەرییە. بنکەی تەندروستی ناوچە ئاموژگاری دەدات و پێداویستییەکانی دەخەملێنێت.

**لەبەر چی هەندێك منداڵ ئێش و ژانی زۆریان لە گوێدا هەیە؟**

زۆربەی منداڵ بە چڕی تووشی هەوکردنی کتوپڕی نێو گوێ دەبن یاخود بۆ ماوەیەکی زۆر دووچاری چڵکی نێوان گوێ دەبن. توێژەرەکان بەتەواوی نازانن هۆی ئەمە چیە. هەندێك تیوری هەیە کەوا دەشیت تووشبوونی هەوی گوێ ئیرسی بێت. هەندێ لێکۆڵینەوەش وا دەردەخات کە ئەندامی بیستن هەتا تەمەنی چوار ساڵان بەتەواوی گەشە ناکات و ئەمیشیان زۆر کاریگەرە.

**لەبەرچی لوولە دەخرێتە نێو گوێ؟**


بۆ ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانی هەوی گوێی کتوپڕ و بۆ باشکردنی توانای بیستنیان ساڵانە نزیکەی 10 000 منداڵ لوولەیەکی پلاستیکی پچوك دەخرێتە پەردەی گوێیان. کاتێك گوێ تەندروست بێت هەوا بە ڕێگەی پەردەی گوێ لە گەرووەوە بە نێوان گوێدا دەڕوات. بەڵام کە لە کاتی هەوکردنی گوێدا پەردەی گوێ دەئاوسێت و بەو جۆرە ڕێگە لە هەوا بردن بۆ گوێ دەگرێت. ئەوکاتە لە بری ئەوە لوولەیەکی پلاستیکی پچوك هەواکە بۆ نێوان گوێ تێپەر دەکات.

لای ئەو منداڵانەی چڵك لە نێوان گوێیاندا کۆدەبێتەوە لوولەکە ڕێگە بەهەوا دەدات بۆ تێپەڕبوون و پاشان وشکبوونەوە تاوەکو منداڵەکە بە شیوەیەکی ئاسایی گوێبیست بێت. لە کاتی هەوکردنی کتوپڕی گوێدا ئەو لوولەیە پەستاو کەمدەکاتەوە کە پاشان دەبێتە کەمبوونەوەی ئازار بەهۆی ڕێگەپێدان بۆ دەرچوونی ئەو چڵکە کە لە کاتی هەوکردندا کۆدەبێتەوە.

**ئایە ئەو لوولەیە سوودی هەیە؟**

بۆ ئەو منداڵانەی کە چڵك لە نێوان گوێیاندا لە سێ مانگ زیاتر کۆبۆتەوە، توانای گوێبیستیان زیاد دەکات و ئەمە توێژینەوەکان دووپاتی دەکات. لێکۆڵینەوەکانیش ئەوە نیشان دەدەن کە منداڵان بەگشتی بەو جۆرە چارەسەرییە باشتر دەبن.

لە کاتی زۆر ڕوودانی هەوی کتوپڕ و زیاتر لە سێ جار لە ماوەی شەش مانگدا توێژەرەکان زانیاریان نیە سەبارەت بەوەی ئەگەر ئەو لوولەیە کاریگەر بێت. ئەشێت ئازار لە کاتی هەوی کتوپڕدا کەمتر بێتەوە ئەگەرچی ئەمە بە زانستانە لێی نەکۆڵدراوەتەوە.




**ئایە ئەگەر لوولە لە گوێدا بێت، مەلە دەکرێت؟**

مەلەکردن ئاساییە بە لوولەی نێو گوێوە لەبەر ئەوەی مەلەکردنی ئاسایی و یاریکردن لە ئاودا مەترسی دروست بوونی چڵك لە گوێدا زیاد ناکات. گوێپارێز بە شێوەی کڵاوی مەلە یاخود لۆکەی ناوگوێ پێویست نیە. بە پێی توێژینەوە تەنانەت قەترەی گوێ پاش مەلەکردن هیچ کاریگەریەکی نیە. ئەمە لە کاتی مەلەکردن یاخود چوونە ناو ئاو بە شێوەیەکی ئاسایی بێت. ژێرەمەلە لێ نەکۆڵدراوەتەوە.

**لەبەرچی پاش چارەسەریی بە لوولە ئاو لە گوێ دەردەچێت؟**

پاش ئەوەی لوولە بۆ منداڵ دادەنرێت ناوبەناو ئاو لە گوێی دێت. هۆی ئەم گوێ ئاوکردنە سەرهەڵدانی هەوێکی نوێیە. هەشت لە دە حاڵەت هیچ دیاردەیەکی تری لێ ناکەوێتەوە، بێ لەوەی کە چڵك لە گوێ بێتە دەرێ. دوو لە دە حاڵەتی نوێی هەوکردن تا و ئازار و کەمبوونەوەی توانایی بیستنی لەگەڵدا دەبێت. دکتۆری چارەسەر لە کاتی دروست بوونی هەوی تازە زانیاری و ئامۆژگاری دهدات.

تێکست یوهانناتۆرێل، زانیاری تەندروستی، SBU
وێنە لێنا فۆرشمان
پێداچوونەوەی زانیاری پرۆفیهەور ستێن هەلسترویم، نەخۆشخانەی ئەکادیمی کارۆلینسکا، ستۆکهۆلم و ئاگنێتا پێتەرشۆن،
بەرپرسی پرۆژە، SBU ڕاگەێندەر ڕاگنەر لێڤی، بەرپرسی ڕاگەیاندن، SBU.
SBU Copyright

THE SWEDISH COUNCIL ON TECHNOLOGY ASSESSMENT IN HEALTH CARE